# چیرۆک، هونەری گێڕانەوە

چەند تێبینییەک لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی (زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەستێرە)

## سارا سادق زادە






**٢٩ ئەیلولی ٢٠٢١ – ئەدەب، وتار**

هونەر بە گشتی زمانی پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤەکاندا کە لەم ڕەوتەدا دەبێت هۆی گۆڕانکارییەک بەسەر نەریتە باوەکان و بونیادە حەقیقییەکاندا. هەر کارێکی هونەریش خاوەنی کۆڵەکەیە و هەر یەکەیەکیش پەیرەوەی لە ڕێسایەک دەکات کە بەپێی پەیوەندییەکە دێتە گۆڕێ.

لەم بەستێنەدا هونەری گێڕانەوە، بە بینینی شتەکان لە دەرەوەی زەمینەی ئاسایی و سروشتیی خۆیاندا و بە بەکارهێنانی وشەکان و تەواوی ئەو تەکنیکە هونەریانەی کە نووسەر کەڵکیان لێ وەردەگرێ جیهانێک دەخوڵقێنێ

به نێوی چیرۆک، چیرۆک هەوێنی بنچینەیی گێڕانەوە، لۆژیکی تەواوی کردارەکان، بنەمای سەرەکیی پەیوەندییەکان، ڕەوتی ڕووداوەکان و هەبوونی کەسایەتییەکانە کە بزاوتی وابەستەیە بە زەمانی گێڕانەوەکەی.

گێڕانەوە کە یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی دەق، وەک ژانرەکانی دیکەی پەیوەندیدار، دەبێ لە چەند لاوە گرنگی پێ بدرێ، وەک: وشەناسی، مۆرفۆلۆژی و تێگەیشتن لە ڕێگای زمانی بەکارهاتوو لە دەقدا.

جۆری نووسین پەیوەستە بە جۆری تێفکرینی نووسەرەوە. بە واتایەکی تر شێوازی نووسین بە جۆرێک پێناسەی کەسایەتی نووسەرە تا ئەو ڕادەیە کە دەگوترێ شێواز خودی نووسەرە.

دیارە کەسایەتی نووسەر لەهەر قۆناغێکدا لە ڕووی سروشت و باری ژیانییەوە کارتێکەری لەسەر نووسینەکەی دەبێت بەڵام نەک ڕاستەوخۆ، واتە یەکێک لە هۆیەکانی جیاوازی جۆری تێڕوانین و دەربڕین دەتوانێ پەیوەست بێ بە ژیان و ئەزموونی ژینییەوە کە هەندێ جار شێوازێکی تایبەتیشی لێ دەبێتەوە، بەو تێبینییەوە کە هەموو نووسەرێک نابێتە خاوەن شێوازی تایبەتی خۆی.

بۆ وێنە کاتێک ناوەڕۆک یەکسانە وەک جەنگ، عیشق، ڕووداو و...هتد، شێواز و تەکنیک بۆ نووسەر تایبەت دەکاتەوە. هەڵبەت ئەوەش بۆ خۆی دەچێتە دوو قۆناغەوە، شێوازی تایبەت بە خودی نووسەر وەک کەسایەتی (کە ئەوە بە گشتی لە هونەردا هەیە) هەمیش شێواز بەپێی پەیوەندییەکی نەپچراوی میللی، کە لە ڕێی تەکنیک و جوانیناسییەوە دەچێتە ژێرخانی شێوازە میللیەکان(وەک فۆلکلۆر).

هەرچەند نووسەر نابەسرێتەوە بە شێوازێکەوە بە تایبەت لە نووسینی بەردەوامدا کە پەیوەستە بە خولیا و قووڵایی بیرکردنەوە، کە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی تاقیکردنەوەی شێوازگەلی جۆراوجۆر لە بەستێنی خۆیدا. نووسەر بە نکۆڵی کردن و نائاسایی کردنی دەق، وەک تێپەڕاندنی سنووری هەموو ڕێساکان و بەرهەمەکانی پێشوو، بەکارهێنانی وشەکان، پێدانی مانای نوێ و سڕینەوەی مانا ئاشناکان لە زەینی وەرگر بۆ مانای نوێ و تەواوی

ئەو تەکنیکە هونەریانەی وا ئاگایانە یا نائاگایانە سوودیان لێ دەبینێت، جیهانێکی نوێ دەخولقێێت کە کۆمەڵێک ئاماژەی نائاشنایانە دەرکی دەلالەتە ماناییەکان دژوار دەکات تا دەرکی کارەکەی ئاسان نەبێت.

زەینی داهێنەر بابەتەکە وا لێ دەکا وەکوو ئەوەی نوێ بێت و پێشتر نەبووبێت. ئەو دەربڕینە ئیستاتیکە لەم حاڵەدا خولقاندنی هەستێکی تازە و تایبەت و بەهێزە.

گرنگی شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکنووسیدا وەک نائاساییکردن لە ڕێی زمان و تێڕوانینی کەسێتییەکان، هەڵبژاردنی ساتێک لە ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان لە بەستەری ئەو ماکەی وا هەڵدەبژێردرێ، دەتوانێ هەموو شتێک سەرسووڕهێنەر بکات و لە واقیعیەت دووریان کاتەوە.

گەر نووسەر ئاگایانە ئەم کارە بکات، کارەکەی وەک بەڵگەیەکی لێ دێت سەبارەت بە شێوازێک لە نووسین. "سارتر" لەم بارەیەوە کاتێ باسی فلۆبێر دەکات و دەڵێ: فلۆبێر هەموو شتێک نائاسایی دەکات و ڕووداوە سادەکانی ژیان دەگۆڕێ بۆ چاوگی سەرسووڕمان.

هەڵبەت هەرکەس دەبێ جیاوازییەکی زەینی و زمانی لەگەڵ گێڕەوەکانی تر هەبێ، بەڵام دەشکرێ لە لایەنی خودی ناهوشیارییەوە تۆو و بنچینەی هاوبەشیشیان هەبێ. دەق شیاوی گواستەنەوەیە و شێواز یا تەکنیک لە زاتی زماندا هەیە، وەک "فلاش بەگ" واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، داهێلان لە هەبوون و زاتی هەر ڕستەیەکدا واتە(تەعلیق) گۆڕانی گۆشەنیگا و گەمەکردن بە زمانی گێڕانەوە. پەیوەندیی پێدان بە حاڵەتی تێفکرین و بابەتی فیکری لەژێر یاسای زمان و نۆرم و ڕێزمانی زمانییەوە و دەورگێرانی وشە بەر لە کوتنەوەی ئەو شتەی وا لە زەیندایە، واتە "شەپۆلی زەین".

زمان ئامرازی دەربڕینە و پیت ئامرازی بە وشە کردن، بە واتایەکی تر زمان لە گێڕانەوەدا ئافراندنێکی نوێی پیتە کە دەبێتە وشە و لە هەمان کاتیشدا وشە یاریدەدەری زمانە بۆ ڕەنگدانەوەی هەست لە دەروونی خوێدا.

زمان چ بە شێوەی لەگەڵ خۆدووان، مۆنۆلۆگ، چ بە ئاخافتنی کەسایەتییەکانی ناو گێڕانەوە واتە دیالۆگ، توانای پێدانی ماکی تایبەتی هەیە، کە دەتوانێ

بەشێک بێ لە شێواز و تەکنیک بەپێی لێکدانەوەی نووسەر لە بەشی خۆیدا. لەو لاشەوە هەموو گێڕانەوەیەک چۆن مایەیەکی سەرەکی هەیە، مایەیەکی لاوەکیشی هەیە کە مانای بەشێک لە بەشەکانی تر ڕوون دەکاتەوە.

پەیوەندی پێدان لەنێوان ئەوانەدا کاری خوێنەرە، هەر چیرۆکێک مەودایەک لەنێوان دەق و خوێنەردا ساز دەکا کە ئەگەر مایەی سەرەکیی چیرۆک سەرنجڕاکێش بێت و شێوازی نووسین زەینی خوێنەری بە خۆیەوە خەریک کردبێ، خوێنەر بە سانایی دەتوانێ پەیوەندیی نێوان مایە لاوەکییەکان وێک بخات.

درێژەی چیرۆک، کامڵ بوون یا کۆتایی گێڕانەوە بە تێپەڕبوون لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە دەتوانێ کۆتاییی چیرۆکیش بێ، ئەوسا کە دەگاتە بارێکی ئازاد لەژێر دەسەڵاتی نووسەردا، بەڵام دەشتوانێ هەر وا کراوە بمێنێتەوە و بە ڕێژەی خوێندنەوەی خوێنەر و ئەو پەیوەندییەی وا ساز کراوە هەموو ئەوانەی لێ بکەوێتەوە.

خاڵی گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە کە هیچ بۆچوون و گریمانەیەک ڕەد ناکرێتەوە، بەڵکوو دەتوانێ تەواوکەری ئەوی تر بێ یان شانبەشانی ڕاوەستێ. خوێنەر ئازادە لە چۆن خوێندنەوەی چیرۆک و دەتوانێ بە دەربڕینی خۆی و بۆچوونی جیاواز چیرۆک سەرلەنوێ بخولقێنێتەوە.

کورتەچیرۆک ئێستە زۆرترین جۆری گێڕانەوەی لە خۆ گرتووە. ئەم بەشە لە ئەدەبیات، وێڕای هەموو کەرەستەکانی گێڕانەوە، زۆر بە دوای دیتنەوەی دەستەواژە و لێکدانەوەی دوورودرێژدا نییە. هەر بەم هۆیەش خوێنەر و لایەنگرێکی زۆری هەیە.

لە ڕۆماندا، ڕۆماننووس دەتوانێ چەند بەش لە ژیان یا تەنانەت تەواوی ژیانی یەک کەسایەتی یا چەند کەسایەتی بە گێرانەوەیەکی دوورودرێژ بێنێتە بەرهەم و چەند ڕووداو و تێکهەڵچوون پێکەوە وێنا بکات. هەڵبەت جیاوازی ڕۆمان و کورتەچیرۆک، لە بوونی چەند کەسایەتی و ڕووداودا نییە، بەڵکوو جۆری سازدان و ڕێکخستنە کە جیاوازە لەگەڵ کاکڵی ڕۆمان کە هەمان پلۆتە و کاری سەرەکیی ڕۆماننووسە.

چۆنیەتی ویکخستنی کەسایەتییەکان و نیشاندانی بەشێکی دیاریکراو لە ژیانی کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمان، ڕۆماننووس هاندەدا کە لە تەکنیک و شێوازگەلێک کەڵک وەرگریێ بۆ بەرەو پێشـــچوونی پلۆت کە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لە زەینیدایە ویک بکەویێ.

یەکێـک لە ســـەرەکیترین جیـاوازییەکـانی نێوانی کورتەچیرۆک و ڕۆمـان، چۆنیەتی دەستپێکە. سەرەتای هەر گێڕانەوەیەک دەبێ هێندە شوێندانەر بێ کە ببێتە هۆی بە دواداچوونی خوێنەر و بۆ پەلکێشـــکردنی بە شـــێوەیەکی سەرنجڕاکێش نووسرابێ.

ئەو نووســـەرانەی وا لە تەکنیک و فۆرم و شـێواز بە شـێوەکانی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن، بۆ خۆیان دەبنە خاوەنی جۆرێک لە شـێوازەکانی نووسـین. ئەم نووســـەرە خاوەن شـــێوازانە بە باشـــی جیاوازی نێوان کورتەچیرۆک و ڕۆمان دەزانن و حەول دەدەن باشـــترین دەرگا بۆ هاتنە ژوورێی خوێنەر بۆ دونیای چیرۆک هەڵبژێرن.

بیرەوەرییەکـان پێشـــتر لە مێژوو، لە زمـانی مرۆڤەوە بـاس لە گێڕانەوە و بەسەرهات دەکەن.

ڕێکەوت یـا نـاوزەدکردنی کـات بۆ ڕووداویش هەر لە گێڕانەوەدا، لە خـانەی حەقایەتەکاندا سەری هەڵێناوە؛ ڕۆژێک بوو ڕۆژێک نەبوو ...

مرۆڤ لەو کاتەوەی هەستی بە پێویستی پێکەوەبوون کرد، ئاخافتنیشی دست پێ کرد. ئەشـکەوتەکان پێش هەر گێڕانەوەیەک باس لە مەیل و حەزی مرۆڤ دەکەن بۆ گێڕانەوە و تۆمارکردن. مرۆڤ لە ســـەرەتاوە تاکوو ئێســـتا لە ڕەوتێکی بەرەوپێشـچووندایە. لە ڕەواڵەتەوە تا ژیان، تا مەیلەکان و ئاواتەکان کە ئەوانەش بەبێ وتووێژ، بەبێ باسکردن و گێڕانەوە نەبووە و نابێ.

لێرەدا نامهەوێ بچینە بازنەی مێژوو و باســی یەکەمین تۆمار وەک حەقایەت، ڕۆمـان، چیرۆک یـا جۆرەکـانی تری بکەین، کە لەم دواییـانەدا هەرکـام لەژێر نێوێکی تایبەتدا دەخولقێن کە ئەوانەش هەر دەچنە ڕکێفی بەرەو تەواوکردن و کامڵبوونی جۆری ئاخافتن و مەیل بە گێڕانەوە.

ژیان ئاوێتەی ڕووداوە و مرۆڤ توونی بیستن، باسکردن و گێڕانەوەیە. گوێیەک نییە بیسەری هەواڵ، ڕووداو و بەسەرهات نەبێ، هەر ئەوەش پێمان دەڵێ تا بەردەنگ هەبێ بێژەریش هەیە، کە وایە باس لە گێڕانەوە، باس لە ژیانە.

ئەم پرسیارە هەمیشە لە زەینی مرۆڤدا هەیە کە حەقایەتەکان چۆن کەوتنە سەر زار و چۆن لە ڕووداوەکانی چیرۆک سەری هەڵدا و بوو بە شێوەی گێڕانەوە لە هاتوچۆی زەین و خەیاڵدا؟

لێکۆڵەرەکان لەو بوارەدا بڕوایان وایە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کات و ئەو بۆشاییەی وا هەستی پێ کراوە. مرۆڤ بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە، چێژی ئاوێتەی ڕابواردنی کات کرد و دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەو شتەی وا لە خەیاڵدا پێی خۆش بوو پێوەی خەریک بێ، بۆیە حەقایەت باس لە ڕاستییەکان ناکات و گێڕەوەیەک بە شێوەی زانای گشتی گێڕەوەی هەمووشتزانە و بەسەر هەموو ڕووداوەکاندا زاڵە، بەڵام بۆ خۆی شوین و کاتی دیاریکراوی نییە. ئەم شێوە گێڕانەوەیە باس لە ڕابردوو دەکات، هیچ ڕووداوێک لە ئێستادا نییە و هەر لە سەرەتاوە، کۆتاییەکەی دیاری کراوە و لە بازنەیەکی داخراودا، هەڵسوکەوت، کردەوە و ئاکاری کەسایەتییەکان دەبینێ. تەنانەت باس لە فیکر و ئەندێشەیان دەکا و ڕای خۆشی سەبارەت بەوان دەردەبڕێ. گێڕەوە بە زمانی کەسایەتییەکان دەدوێ و یا لانیکەم جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی بە جۆرێک باس لە زانستی گێڕانەوە دەکات. دیارە لە سەرەتاوە زانستێک لە پشت گێڕانەوەدا نەبووە، وەکوو ڕووداوەکان، بەسەرهاتەکان، دەستەواژە لەبەر کراوەکان و دەستکەوتە ئەدەبییەکان کە بە جۆرێک تامی گێڕانەوەیان تێدابووە. بەڵام ئێستا ڕۆمان، ڕۆژنامە، فیلم، پانتۆمیم، سەما، کتێبی مێژوویی و ... تەنیا بەشێکن لە گێڕانەوەکان کە دزەیان کردۆتە ژیانی ئێمەوە. ڕووداوەکان هەموو لە دەورووبەری ئێمە ڕوو دەدەن و ئێمە دەیانهێنینە قسە و بە چیرۆک دەیگێڕینەوە.

گێڕانەوە دەتوانێ ڕاستەقینە یا دەستکرد بێ، ڕاستی یا دوور لە ڕاستی بێ کە لە دوو بەش پێکدێ:

"چیرۆک و بگێڕەوەی چیرۆک"

بنەمـای گێڕانەوە وێکی دەخـات کە ئەو بەشـــــانە بۆ کـام جۆری گێڕانەوە دەستەبەر بکرێ.

کەسایەتی، گۆشەنیگا، ڕیزبوونی زەمان، دەستەواژەکان و ...هتد

هێندێ کەس پێیان وایە نووســـینی چەند لاپەرەیی واتە چیرۆکی کورت، بە نیســـبەتی کارێکی دووورودرێژی وەک ڕۆمان، ئاســـانترە. بەڵام یەکێکی وەک ویلیـام فـاکنێر نووســـەری بە توانـا و هەڵکەوتەی ئـامریکـایی کوتوویەتی: نووســـینی کورتە چیرۆک زۆر لە ڕۆمان گورچبڕتر و دژوارترە. فاکنێر کە خاوەنی "هەرا و توورەیی" و چەن ڕۆمانی شوێندانەرە، کە هەر ڕۆمانێکی پتر لە چەند ســـەد لاپەرە دەگرنەوە، نووســـینی کورتە چیرۆکی بیســـت یا ســـی لاپەڕەیی وەک کارێکی چەتوون و گورچبر باسکردووە.

پێچەوانەی فاکنێر "کەتریین مەنسـفیلد" کە یەکێکە لەو کەسـانەی وا جێ پەنجە و مۆرکی لەســـەر جۆری گێڕانەوەی مۆدێرندا دیارە و شـــێوازی نووســـینی خۆی لەســـەر فۆرم و شـــێوازی چێخۆف دەزانێ، لە نووســـینی چیرۆکی دووورودرێژدا، دامابوو!

لەم باســـە بەم ئاکامە دەگەین کە ڕۆمـان و کورتەچیرۆک لە دوو چەمکی جیاوازدان. زۆرکەس پێیان وایە چونکە ڕۆمان دووورودرێژە و کورتەچیرۆک کورت، ئەوە ڕۆمان بەســـەر کورتەچیرۆکیدا هەیە. کورتەچیرۆک لە ســـەدەی نۆزدەیەم، یانی سەدەیەک دوای ڕۆمان لە ئەورووپا و ئامریکا وەک شێوازێکی نوێ لە گێڕانەوە ســـەری هەڵـدا و بە خێرایی وەک چەمکێکی نوێ کەوتە بەرچاو و سەرنجی کۆمەڵگا.

هۆیەکانی ئەمەش ئەمەیە کە بۆ نموونە: "ئێدگار ئالێن پۆ" (یەکەمین کەس کە بۆچوونی لەســـەر کورتەچیرۆک دەربڕی) دەڵێ: باشـــی کورتەچیرۆک ئەوەیە کە دەتوانی لە دانیشتنێکدا تەواوی کەیت.

یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی سـەرکەوتنی خێرای کورتەچیرۆک، بڵاوبوونەوەیان لە گۆڤار و بلاڤۆگەکاندا بوو کە دەیانتوانی چیرۆکێک بە تێروتەسەلی و تەواو چاپ بکەن. کە ئەوەش دەبووە هۆی پێدانی هەستێکی تەواوکەر لە خوێنەردا.

خاڵی گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە کە هیچ بۆچوون و گریمانەیەک ڕەد ناکرێتەوە بەڵکوو دەتوانێ تەواوکەری ئەوی تر بێ یا شان بە شانی ڕاوەستێ.

خوێنەر ئازادە لە چۆن خوێندنەوەی چیرۆک و دەتوانێ بە دەربرینی بۆچوونی خۆی چیرۆک بخوڵقێنێتەوە.

بە ڕای من یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی کۆمەڵە چیرۆک لە چاو ژانرەکانی دیکە (ڕۆمان، فیلم، شـــانۆ و...) پێدانی مەودایەکی بەربڵاوترە لە قاڵبگەلێکی بچووکـدا. لەم مەودایەدا دەکرێ بڕۆی و بگەڕێیتەوە، دەشـــتوانی کورت بیبڕیەوە و لەدوای هەر چیرۆکێک خاڵی کۆتایی دانێی و ئینجا بپەرژێیتە سـەر چیرۆکی دوایی.

گریمـانەیەک هەیە کە دەڵێ: هەموو گێڕانەوەیەک چیرۆک نییە، پێچەوانەی ئەوەش هەیە کە دەڵێ: هەر گێڕانەوەیەک دەتوانێ بۆخۆی چیرۆکێک بێ. ئەم باسە چەن ڕەوتی ئەدەبی تێپەڕاندووە و هەر ڕەوتێکیش لەدوای خۆی پێوەر و پێوانەیەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. بەڵام گریمانەیەکی بەهێزتر هەیە کە دەڵێ: ئەوە ڕەوتەکان نین کە بەرهەم دەخوڵقێن، بەڵکوو ئەوە نووسـەرە کە هەمیشـە هەنگاوێک لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەر لە پێشترە و لەسەر ڕەوتەکان شوێندانەر.

لە ئێســـتادا بە چیرۆک بوون یا بە چیرۆک کردنی گێڕانەوەیەک خاوەنی چەن فـاکتەری ســـــەرەکییە. ئەم فـاکتەرانە پێمـان دەڵێن جیـا لە بەهرە و توانـای گێڕانەوە، نووســـەر دەبێ بە شـــێوەی زانســـتیش زانیاریی باشـــی لەســـەر شێوازەکانی نووسین، گێڕانەوە هەبێ.هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە نووسـەر بە پەیرەوی کردن لە هێنـدێ مێتۆد و فۆرم دەتوانێ چیرۆک بخوڵقێنێ و پێویسـتیش ناکا نووسـەر بەپێی یاسـا و ڕێسـا بەرهەمەکەی دابڕێژێ، چون لە ڕاســـتیدا زەینی داهێنەر لە چوارچێوەدا ناگونجێ، کە ئەگەر وا نەبوایە ئەم هەموو گۆڕانە بەسـەر جۆری گێڕانەوەدا نەدەهات و ئەم هەموو ژانرە جیاوازە سـەری هەڵنەدەدا.

گێڕانەوە کە یەکێکە لە توخمە سـەرەکییەکانی دەقە، وەک ژانرەکانی دیکەی پەیوەندیدار، دەبێ لە چەند لاوە گرنگی پێ بدرێ، وەک: وشـەناسـی، مۆرفۆلۆژی و تێگەیشتن لە ڕێگای زمانی بەکار هاتوو لە دەقدا.

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، کەسایەتی و ژیانی تاکەکەسی نووسەر لە هەر قۆناغێکدا لە ڕووی سروشت و باری ژیانییەوە، کارتێکەری لە سەر نووسینەکەی دەبێت؛ باری دەروونی، ئابووری، سیاسی، ئیقلیمی، تەجروبەی ژینی و...هتد.

## زمان و دلالەتە ماناییەکان

زمان ئامرازێکی دەربرینە و پیت ئامرازی بە وشە کردن، بە واتایەکی تر زمان لە گێرانەوەدا ئافراندنێکی نوێی پیتە کە دەبێتە وشە، لە هەمان کاتیشدا وشە یاریدەدەری زمانە.

لەم بەینەدا کاری هونەر دانەدەرێیە، بە واتایەکی تر ڕشانەوە!

ڕەنگە لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە وشەی ڕشانەوە بۆ هونەر جوان نەبێ چون هونەر لە زەینی مرۆڤدا بە جوانییەوە لکاوە و بە جوانیش پێناسە کراوە. هونەر جوانە بەڵام بۆ جوانی نییە. لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێک ناتوانێ بە زمانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگ بدوێ پەنا دەباتە بەر هونەر، بۆیە دەتوانین بڵێین هونەر شۆرشی مرۆڤە، جا لێرەدا چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەیە کە شۆڕشگێڕ پۆلینبەندی دەکات.

شۆرشی نووسەر، هەڵێنجانی وشەیە. بۆیە هەموو فاکتەرێک دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر جۆری نووسینەکەی کە یەکێک لە سەرەکیترینیان ڕەگەزە. زۆر کەس لەبەرامبەر ئەم فاکتەرەدا خۆراگری دەکەن و ڕایان وایە هونەر ناکرێ دابەش بکرێ بە سەر ڕەگەزدا. ئەو خاوەن ڕایانە هونەر و هونەرمەند لێک جیا ناکەنەوە و ڕایان وایە هونەرمەندی ڕاستەقینە لە هونەرەکەیدا دەتوێتەوە.

دیاره خودی هونەر ڕەگەزی نییە بەڵام ئایا مرۆ توانیویەتی ئەم بەشـــە ئاوا زوڵاڵ تێپەڕێنێ و شۆڕشێکی کە لە دەروونی ڕەگەزی بەرامبەریدا هەیە وەک خۆی هەڵیهێنێتەوە؟

ئایا وێنای ژان کێشان وەک خودی ژان کێشانە؟

## ژن وەک نووسەر

بە ڕای من ئەدەبیات ناتوانێ دابەش بکرێت بە سەر ڕەگەزدا، بەڵام ڕوانگەکان دەتوانێ جیاواز بن.

باســـی ژنانە نووســـین، باســـێکی کۆن و ســـواوە، وەک ئەوە وایە داوا لە پزیشکێکی تایبەتی نەخۆشییەکانی دڵت بکەی گەر ژن بوو هەر باسی بەشی ژنانەیی دڵ بکات!

ئەوەی گرینگە جۆری بیرکردنەوەیە و چی قەڵەم دەداتە دەســـت نووســـەر و هانی دەدا بنووسێ.

ڕێگەپێنەدراوی لەباری کۆمەڵایەتی و نەدرکاندنی ڕاســـتەقینەی نهێنیەکان لەژێر ســـێبەری قورســـی پیاوســـالاری و دین ســـالاریدا کە هەموو شـــتێکیان خســـتۆتە ژێر ســـیبەری خوازیاری پیاوانەوە بۆ ژن پێشـــینەیەکی کۆنی هەیە. هەر نووسەرێک پێویستی بە ئازادییە لە نووسیندا بەبێ دڵەڕاوکێ و ترس لە داوەریکردن، بەڵام لە وەها کۆمەڵگایەکدا بە دڵنیاییەوە ژن پێویستی بە هەستی متمانە وێڕای ئازادییە.

بۆ وێنە ژنی نووســەر بۆ وێناکردنی ژنێک کە خاوەن کەســایەتییەکی نێگەتیڤە لە چیرۆکەکەیدا، لەبەر ئەوەی لە بەســـتێنی ئەو زەینییەتەی وا زاڵە بەســـەر کۆمەڵگادا پاریزراو بێ زۆربەی کات بە کەڵک وەرگرتن لە ئاماژە و هێما و نیشـــــانە ڕووداوەکـان دەخـاتە پەراوێزەوە. چونکـا ئەگەر وا نەبێ ژیـانی تـاکەکەســـــی خۆی دەکەوێتە ژێر چـاودێری و زۆربەی ڕووداوەکـان و بەسەرهاتەکان گرێ دەدرێ بە کەسایەتی و ژیانی تاکەکەسی خۆیەوە!

سەرەرای ئەوانە نووسەری ژن دەبێ چاودێر بێ و لەژێر حیجابی حەیا و دین و سیاسەتیش نەیەتە دەرێ!

ئەو گرفتانە نووسەری ژنی خستۆتە پەراوێز، هەر ئەو کێشانەشە کە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی جورێک ئەدەبیاتی بەرگریی لە نێویاندا. بە ڕاستی ژنی نووسەر لە وەها دۆخێکدا چۆن دەتوانێ ڕوانگەی ژنانەی خۆی بدۆزێتەوەو سەربەخۆ بنووسێ؟

کاتێک باس لە نووسەری ژن دەکەین ئەوانەی وا بە جیدی کاری ئەدەبی دەکەن زۆر کەمن، چون ژنی نووسەر بۆی نییە ماوەیەک جیا بێتەوە لە ژیانی ڕۆژانە و ڕووتین تا خۆی تەرخان بکات بۆ نووسین، چون هەمیشە ئەرک بەسەر ویستیدا زاڵە و تا ئەورۆ هیچ شتێک نەیتوانیوە ئەرکی ژن بوون کەم بکاتەوە. گەر بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک کار و بەڕێوبەری بژیوی ژیانیش چاو لە نووسینەکەی بکرێ (وەک نووسەری خاوەن ئەزموون، بەڕێوبەر، سەرنووسەری گۆڤار یا بلاڤۆگ و...هتد)، دیسان ناتوانێ وەک پیاو بێتەوە ماڵێ پاڵی لێ بداتەوە، چون ئەرکی ناوماڵی هەر دەمێنێ کە ئەو ئەرکە بە هیچ شێوەیەک بۆ ئەو بە کار ئەژمار ناکرێ.

شیکاری ڕۆڵ و جێگە و پێگە و کێشە و گرفتەکانی نووسەری ژن هێشتا لە هیچ کوێی جیهان ئەو ئاوڕەی لێ نەدراوەتەوە کە چاوەروانی لێ دەکرێ چ بگا بە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە ئێمەی تێداین!

بوارەکانی نووسین بۆ ژن بەرتەسکە، نووسەری ژن کە باسێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی بورووژێنێ و ڕەخنەگرانە بڕوانێتە بابەتەکان، دەچێتە ژێر پرسیار و لێپرسینەوە و ڕەنگە زۆر لەوانە گرانتریش بۆی تەواو بێ. کۆمەڵگای پیاوسالاری ڕۆژهەڵات نایەت لەگەڵ دەق ڕووبەڕوو بێتەوە، بەڵکوو ئەوە کەسایەتی نووسەرە دەخرێتە بەر پلار و تیرۆر دەکرێ. بۆیە نووسەری ژن یا کەمە یا خۆ دەبوێرن لە چالاکی لەم بوارانەدا.

ئەدەبیات لە جیهانبینیی ژنەوە بۆ ژن تەنیا لە شیعر و ڕۆماندا نابینرێتەوە، ڕۆڵی نووسەری ژن باس کردنە لە جیاوازییەکان، کێشە تایبەتییەکان،

ئاماژەکردن و پەنجە خستنەسەر تابۆکان و ڕاستییە پشتگوێ خراو و شاراوەکانە، کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە هەیە.

من لەو باوەڕەدام کە جیا لە وکۆسپ و لەمپەرانەی کە کۆمەڵگا خستوویەتە بەر پێی ژن، خۆسانسۆریش یەکێکی دیکەیە لە کێشەکان هەیە کە ژنی نووسەر دەبێ بەرەنگاری بێتەوە چونکە پەیامی ئەو بنەبڕکردنی ئەو تابۆیانەیە. ئەو ڕێگایەی کە ڕابردوویەکی مێژوویی و خوێنینی هەیە بۆ ژنانی جیهان، دەبێ ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوێرانەتر بیپێون.

ڕەخنەی زۆربەی ڕەخنەگران لە نووسەرانی ژن "ژنانە نەنووسینە"، بە بۆچوونی ئەوان نووسەری ژن "دەبێ" ژنانە بنووسێ. ئەوەش خۆی جۆرێک سازدانی تەنگەژە و لەمپەرە لەسەر ڕێی نووسەری ژن و وەک دانانی یاسا و چوارچێوە، بەربەست بۆ ئازادیی بیرکردنەوەش دادەنێ. بە واتایەکی دیکە بەرگێکی نوێ بۆ کراسێکی کۆن دەدوورێ. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا کەڵکەڵەی زەینی نووسەرێکی داهێنەر پیاوانە یا ژنانە نووسینە؟

هونەریی "چۆن" نووسین دەچێتە ژێر دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوویی نووسەرەوە. ئەوەی کە ڕەخنەگر چۆن ئەو جیاوازییە لەنێوان بەرهەمەکاندا دادەنێ (بەرهەمی ژن و پیاو) دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی بەرامبەر و چۆن بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەق و ئەو پێوەر و پێوانەیەی وا پێیەتی. ئەدەبیات چۆن دەتوانێ لە پێوەر و پێوانەیەکی دەستکردی سەلیقەیی و ڕەگەزایەتیدا گەشە بکات؟!

کەرەستەی سەرەکی نووسەر وشەیە و وشە ئازاد و سەربەستە و ناسنامەی ڕەگەزایەتی و زایەندی بۆ ساز ناکرێت، بەڵام شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە توانای سازکردنی زەینییەتی جیاوازی هەیە، بۆ وێنە پیاوێک بنووسێ زیندان و ژووری تاکەکەسی، ئەوەی لە زەینی بەردەنگدا وێنا دەکرێ، لێدان و ئازاری جەستەییە، بەڵام ژن هەر ئەوانە بنووسێ، خێرا دەستدرێژی سێکسی دێتە مێشکی بەردەنگەوە.

# چەند تێبینییەک دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی "زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەستێرە"

"زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەســـتێرە" کە یەکەمین ئەزموونی "خەیجە جاوید"ە وەک کتێب کە کۆمەڵێک کورتەچیرۆکی لەخۆ گرتووە؛ پرە لەو ڕووداوانەی وا کانگاکەی زەینی زۆربەی ژنانی جیهانە و بەشـێکی زۆری بە جۆرێک دەتوانێ بچێتە خانەی بیرەوەری، بەسـەرهات یا ئەو ڕووداوانەی وا بەر لە هەسـت پێ کردن، ناسێنراون!

گوێی زۆربەی کچان پێش ئەوەی بۆ گوارە کون بکرێ، بۆ بیستنی لەو چەشنە چیرۆکانە دەکرێتەوە.

خۆشەویستی، عیشق و دڵداری لە زۆربەی بەسەرهاتەکاندا، بەر لە ئەزموونی هەر جۆرە چێژێک بۆ کچ، پڕە لە هەرەشـــــە، خەیانەت، زەماوەندی زۆرەملێ و...هتد.

هەڵبەت ئەم شـێوە گێڕانەوەیە ڕیشـــەیەکی مێژوویی و ئایینی هەیە و زۆربەی کات بەردەنگەکەشـــــی هەر ژنە، بەڵام ئەوەی کە ژنێک دێت و تـابۆکـان بە تابۆیەکی تر دەشکێنێت ئەوە جێی تێڕامانە.

خوێنەر لە زۆربەی چیرۆکەکاندا لەگەڵ کارەکتەرێکی ژن بەرەوڕوو دەبێتەوە کە بوونی جەستەیی، زەینی و فیکری لە چیرۆکدا هەیە، بەڵام لەژێر چاودێری و ڕوانگەی ڕاســـتەوخۆی نووســـەر وەک گێڕەوە، جا ئاگایانە بێ یا نائاگایانە هیچ حەولێک بۆ شـاردنەوەی ئەو هەژموونە نادات تەنانەت لە زۆر شـوێندا وا دەردەکەوێ کە بە ئەنقەسـت خۆی بۆ بەشـێک لە گێڕانەوە وەک پرسـۆناژی سـەرەکی تەرخان دەکات. وەک لە چیرۆکەکانی: (نیگای هەشـتەم)، (دایکم گوڵە گەنمەکان موبارەک دەکات)، (ماسیگرێک لە شەرمین دەگەڕێ)، (ژنێک گیرفانی پڕ دەکـا لە بەرد)، (پەردە لادەدەم )، (مریەمی بەجێمـاو لەنێو کتێبەکـانـدا)، (خەڵات).◌

ئەم بۆچوونە تەنیا لەبەر شـــێوەی گێڕانەوەکەیان نییە، بەڵکوو چەند فاکتەری سـەرەکی تێدایە کە زەقترینیان ئەوانەن؛ پێنەدانی کەسـایەتی سـەربەخۆ، وەک کەســـێتییەکی ئەکتیڤ جـا چ نیگەتیڤ بێ یـا پۆزەتیڤ. نەبوون یـا کەمی پەیوەندیی زمانی لەنێوان کەســێتییەکانی چیرۆک، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ. (گێڕەوە یەکوچان خەریکی گێڕانەوەی ڕووداو، بەسەرهات و دانپێدانانە).

پیاو لە زۆربەی کاتدا بکەرە، بەبێ ئاکامێکی چاوەڕوانکراو یا نەکراو (چێژبەر، پەژیوان، سزادراو یا بەخشراو)، کە ئەوە یەکێک لە ماکەکانی گێڕانەوەیە وەک بەشــــی هەیەجانی بۆ بەردەنگ تا لەناو ڕووداوەکانی چیرۆکدا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی بکات.

لەحن یا شێوەزاری زمانی کە لە کۆی بەرهەمەکاندا زمان زمانێکی یەکدەست و بێگرێ و گۆڵە و لە گێڕەوە هەتـا زۆربەی پرســــۆنـاژەکـان بە لەحن و شێوەزارێک دەر دەکەون.

## لەحن یا شێوەی ئاخافتن لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا

لەحن یا شـــێوەزاری زمانی بۆ ئاخافتن یەکێک لە ئامرازەکانی دەســـتی نووســـەرە کە لە زۆر شـوێندا کاری گێڕەوە ئاســان دەکاتەوە. نووســـەر لەم تەکنیکە بۆ ناساندن، وێناکردن و تەنانەت پێدانی کەسێتی کەڵک وەرگرێ.

بەردەنگ لە "زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەســتێرە"دا لەحن یا شــێوەزارێکی لەو چەشــنە نابینێ و ناتوانێ کەســێتی پرســۆناژەکان بناســێ جا چ لە ڕووی ڕەگەزەوە (ژن یا پیاوبوونیان) یا لە ڕووی تەمەنەوە کە لە هەموو تەمەنێکن، نە لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا کە لە هەموو چین و توێژێکیشیان تێدایە.

بۆیە بەردەنگ تووشی هیلاکی زەینی دەکا و ناتوانێ لەگەڵ پرسۆناژەکان ئەو پەیوەندییەی وا دەبێ ساز بکرێ، ساز بکات؛ هەڵوێست بگرێ، توورە بێ، ڕقی هەستێ یا تەنانەت سۆزێک بۆ قوربانییەکان دەربڕێ.

له خوێندنەوەی چیرۆکەکان ئەو هەستەی کە زۆر بەرچاوە و بەردەنگ دەورووژێنێ خۆ دیتن وەک تاوانبارێکی بێدەنگە کە بە جێگای قوربانییەکان و تەنانەت تاوانبارەکان خەریکی قەزاوەت کردنی خۆیەتی و لە خۆی دەپرسی؛ من لە کام بەری ئەم مەسەلەیە دام؟

یا دەکرێ بیر لەوە بکاتەوە کە بۆ نووسەر هێندە سوورە لەسەر ئەم شێوە گێڕانەوەیە؟

فاکتەری ئەزموونی ژیان مەدلوولێکە کە بەسەر ئەزموونی ژیان و هەرێمی نیشتەجێیی نووسەردا دەلالەت دەکات، تا ئەو جێگایەی وا ئەم ئەزموونە زۆرترین کاریگەری لەسەر گشت نووسەرانی جیهان هەبووە.

"ئیبراهیم دەمشناس" چیرۆکنووس و لێکۆڵەری فارس لەم بارەیەوە دەڵێ: نووسین بەردەوام لە مەڵبەند(ئیقلیم) و ژینگەدا ڕوو دەدا و بەشێک لە ئەو (واتە نووسراوە) هەڵگەراوەی هەمان بارودۆخە. بەڵام ئەدەبیات ئەو بارودۆخە دەکا بە دوو بەشەوە، شوێنی نیشتەجێی یا هەمان ئیقلیم کە نووسەر دەتوانێ نیشانەی بکات یا بێ نیشانی دەری خات؛ بە واتایەکی تر مەڵبەند و بارودۆخەکەی بە دەق زیاد بکات یا لای ببات. (ئەم زیادکردن و کەمکردنە لە ویستی ئەدەبیاتدا ڕیشەی هەیە)

دەمهەوێ بڵێم ئەوە ئەدەبیاتە کە تەمای ئەوە دەگرێت کە ئیقلیمەکەی بێنێتە ناوخۆیی یان نا.

لەم حاڵەشدا کەمکردنەوە و پێ زیادکردنی جەو لە هیچ کاتێکدا بە تەواوی ڕوو نادات، بۆیە لە بێ ئیقلیمترین دەقەکاندا هەمیسان بەشێک لەو ئیقلیمە دەبینینەوە؛ لە ڕاستیدا دەق و نووسراوەی بێ ئیقلیم بوونی نییە.

ئەدەبیات هەمیشە لە مابەینداية لەگەڵ ئیقلیمدا و لەم بەینەدا بەرهەم دێت. لەناو کێشەی ئینسان و سروشتدا تا کوێ دەکرێ چاوپۆشی لە ئیقلیم بکرێ؟

تەنانەت لە بەشی فەرهەنگی نووسین و گێڕانەوە، جیاکردنەوە و جیاوازی فەرهەنگیشدا هەر ئاوایە.[١]

---

[١] 'وتوێژ لەگەڵ ئیبراهیم دەمشناس، سایتی تابناک

محەمەد بەهمەن بەیگی نووسەری کتێبی "هۆزی من بوخارای من" کە براوەی خەڵاتی یوونسکۆیە، لە بیرەوەرییەکدا دەڵێ: تازە چووبوومە یەکێک لە قوتابخانەکانی شیراز کە یەکەمین ئینشایان بەم سەردێرە پێداین: دیوانی حافز باشترە یا مەولەوی؟

نووسیم؛ من منداڵێکی هۆزی قەشقاییم، وا باشترە لێم بپرسن گامێش دوای چەن مانگ دەزێ؟ ئەسب پتر بار هەڵدەگرێ یا کەر؟ تا بۆ من تەواو لێی حاڵی بم و وڵام بدەمەوە... دواییش بە تێر و تەسەلی باسی ئاژەڵانم کرد کە بەشێکی دانەبراو بوون لە ژیانی هۆزی من! لە کۆتاییشدا بۆم نووسین: من دیوانی حافز و مەولەویم هەر لە پشت شووشەی کتێبفرۆشییەکان بینیوە، چۆن دەتوانم دەربارەی جیاوازی و سەروەری یەکیکیان لەگەڵ ئەوی تر ئینشا بنووسم؟

## زمان لە زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەستێرەدا

بەشێک لە وتاری دوکتور بەختیار سەجادی لەمەر زمان و پێکهاتەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی گابۆ دا، تەرخان کراوە بە زاڵ بوونی زەینییەتی شاعیرانە بەسەر نووسیاری کورددا و نووسیویەتی: چینی خوێندەواری ئێستا با ئەگەر خاوەنی ڕوانگەیەکی پتەوی ڕەخنەگرانەش بێ و سووژەی نووسیار تەنانەت گەر پەخشانی زانستیش دەکار بگرێ، دیسانەوە سەبارەت بە کوردی هەر زەینیەتێکی شاعیرانە لە ئارادایە و بۆ بەشێکی زۆریش شیعر بە تەواوی بە سەر پەخشاندا زاڵە. ئەمەش جۆرێکە لە ناکۆکیی مێژوویی و ناتەبایی قۆناغمەند سەبارەت بە ڕەوتی پەرەسەندنی زەینی کە بەشێکی زۆری سووژە نووسیارەکانی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا تاقیيان کردۆتەوە[٢].

"زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەستێرە"ش لەم بەستێنە دەربازی نەبووە، تا ئەو جێگایەی وا خوێنەر لە زۆر شوێندا بەرەوڕووی کۆمەڵێک دەستەواژە و دەربڕینی شاعیرانە دەبێتەوە کە پتر دەرگیری لەحنە و هەر ئەوە کە دەور

[٢] سێبەری زیندووی نوسین، کۆمەڵە وتار

دەگێڕێ و پرسۆناژی ئەسڵییە و گێڕەوە و کارەکتەرەکان لە تەواوی فەزاکاندا لەو زمان و لەحنەدا دەتوێنەوە. خوێنەر لە گشت چیرۆکەکاندا یەک پرسۆناژ لە بەرامبەری خۆیدا دەبینێ، ئەوەی وا تەنیا خەریکە ڕووداوەکان یەک جۆر و بە یەک لەحن دەگێڕێتەوە.

"دەستی تەڕی باران ئەو ئێوارەیە وەکوو دەستی نامەحرەمی پیاوێک، بە ناو باخچەی جەستەمدا دێت و گوڵە ساوا و تازە پێگەیشتووەکان کە سەریان لەناو هەستە شاراوەکانمدا دەرهێناوە، هەڵدەقنێت...

بەسەر گوڵە کووژراوەکانی فەرشەکەدا هەنگاو دەنێم...

دەستم لە یەخەی پەنجەرەی چێشتخانەکەم دەساوم"

(چیرۆکی زیگۆراتی... لاپەرەی ٧٦)

## خوێندنەوەیەکی دیکە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە

زیگۆراتی گۆرانییەکانی ئەستێرە، باس لە کۆمەڵگایەک دەکات کە تێکەڵاوێکە لە زەبری جەنگ و دەرک و دەلالەتی بێ مانایی لە جیهانی منداڵاندا. (نیگای هەشتەم)

لەوەی کە پەردەکان لاچێ و سیمای متفەرکی هیچ کەسایەتییەک و هیچ شوێنێک نەبێتە پەرژین بۆ تاوانبار تا قوربانی پێ لاڵ بێ. لە چیرۆکەکانی: (سمێڵە نەفرەتییەکانی ئاغای...)، (کچێک تەشتێک ئاو نخوون دەکاتەوە)، ( ژنێک گیرفانی پڕ دەبێت لە بەرد).

***

پۆلینبەندی، ناساندن یا پێشنیاردانی کتێب یا چیرۆک لە ئەساسدا کارێکی شیاو نییە، چون دەبێتە هۆی پێشداوەری، ئامادەکردنی زەینی خوێنەر و ئەستاندنی ئەو چێژەی وا خوێنەر خۆی دەبێ کەشفی بکا و پێی بگا.

بەڵام ئەوە لۆژیکییە کە لە کۆمەڵەچیرۆکیکدا چەن کاری بەرچاو و بەهێزی تێدا بێ و هەروەها چیرۆکی خاو و پێنەگەیشتووش.

ناوزەدکردنی چیرۆک بە چیرۆکی باش و خراپ دەتوانێ کارتێکەرییەکی وێرانکەری هەبێ لەسەر چیرۆک و گێڕانەوە و کەشفی ئەو چێژەی وا خوێنەر هەمیشە بە دوایدا دەگەڕێ کە بە دڵنیاییەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەوە دەهێڵمەوە بۆ خوێنەرانی زیگۆرات تا خۆیان بەو کەشفە بگەن.

بەڵام لێرەدا وەک وێچوونێکی بیروڕا ئاماژە دەکەم بە یادداشتی هاوڕێی شاعیر و نووسەر، بەڕێز فەرهاد سالحی فەر کە ماوەیەک لەوە پێش خوێندمەوە؛ زۆرێک لە دەقەکانی ڕۆژئاوایی کە دەخوێنییەوە یان بە گشتی ئەو دەقانەی وا سەرکەوتوون چێژێکی خۆشت پێ دەدەن، بەڵام ئێمە زیاتر دەرگیری فۆرمین و حەزمان لێیە سەر لە خوێنەر بشێوێنین، پێمان وایە تا ئاڵۆزتر بنووسین کارەکەمان سەرکەوتووترە!

بۆیە هەست دەکەم ئێمە بە گشتی بەر لەوەی بیر لە چێژی خوێنەر بکەینەوە چاومان لەوەیە دڵی ڕەخنەگر ڕاگرین و بڵێین ئێمە لەوانە سەرترین کە خوێنەر لێمان تێ بگا!

لە جێیەکیش دەڵێ؛ نازانم ئێمە تووشی وەهمی زۆرتر زانی بووین یا کێشەکە شتێکی ترە وا لە دووریانی فۆرم و ناوەڕۆک دا گیرمان خواردووە!

لە کۆمەڵە چیرۆکی بەرباس، ناوەڕۆک تا ڕادەیەک توانیویەتی بە سەر فۆرمدا ئەو بازە هەڵدا؛ گێڕانەوە بە شێوەیەک لە خزمەت ناوەڕۆک دایە کە بەردەنگ هەستی پێ دەکا کە ئەوەش هەر ئەو چاوەڕوانییەیە کە خوێنەر لە بەستێنی هەر گێڕانەوەیەکدا بە تایبەت چیرۆک بە دوایدا دەگەڕێ.

لە ڕاستیدا ئەدەبیات توانایی ئەوەی هەیە زەینی مرۆڤ تووشی تێکەڵچوون بکات و لەو ڕێگایەوە گەشەی پێ بدات، بەڵام نە بۆ نووسەر و نە بۆ خوێنەر دووپاتبوونەوە چێژی تێدا نابێ، بۆیە هەردوولا دایمە دەگەڕێن بەدوای شتی نوێدا.

خوێندنەوەی فلۆبێر و کافکا و سلێنجێر، ساعدی و قزلّجی و هتد، بۆ نووسەر پاشکەوتەیەکی زەینی زۆر باشە بەڵام وەک ئەوان نووسین هیچ خستنە سەر هیچە!

نووســـەری جیدی گەر ئەو پاشـــکەوتە بە نرخانەی لە زەیندا هەبێ خۆی بە قەرزداری ئێســـتا دەزانێ و لەو پاشـــخانەیە کەڵک وەردەگەرێ و بۆ داهاتوو دەنووســـێ. لێکۆڵینەوەکـان ئەوە دەردەخەن کە هونەر لە ڕێگـای گۆڕینی ڕوانگەکان، پێداگری لەســـەر بەهاکان و لێکدانەوەی تەجروبەکانی ئینســـانی لە پانتایی شـــوێن و زەمەندا لەســـەر کۆمەڵگا و دەرکی بونیادی شـــوێندانەرە و توانای گۆڕینی کۆمەڵگا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە.

وێنەکێشـان، پەیکەرسـازی، مۆسـیقا، ئەدەبیات و هتد... زۆربەیان وەک کۆگای یادەوەریی گشتیی کۆمەڵگا دادەندرێن.

هونەر ئەوەی وا دەستی بەسـەردا گیراوە و بە هۆی داگیرکەرانەوە حەقیقەتی بنچینەییان ناپارێزرێ، دەپارێزێ و باســـی چۆنیەتی بوونیان لە زەمـان و شوێنی تایبەتدا دەکا.

هونەر کەرەستەی پەیوەندییە و ڕێگە خۆشکەرە بۆ خەڵک تا شارستانییەت و فەرهەنگ لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ بکەن و ببێتە هۆی گۆڕان.

هونەر دەتوانێ دەنگی بێبەشکراوەکان بێ لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی.[٣]

**تێبینی**: ئەم وتارە لە کۆڕی ناسـاندن، ڕەخنە و لیکدانەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "زیگۆراتی گۆرانیەکانی ئەستێرە" ڕێکەتی ١ی ٧ی ١٤٠٠ی هەتاوی لە شاری سەردەشت خوێندراوەتەوە.

[٣] سایتی کۆمەڵناسی